## گلەیی !!! ... هێمن مەلازادە

Hemin Melazade

لە گۆشەی ژووری تاریکم ، لەبەر بێوەفایی یارم
تاساوە دڵ و گیان و رۆح ، بەبێ دەوا ئەمن چیبکەم

خەم تا بەیان دەمگەوزێنێ ، بە خواستی ژوانی جارانم
کە راسپاردەی دەستی ئازارو ئەشکەنجەم، ئەمن چیبکەم

کە دڵدارم ڕازی نەبێ بۆ دیداری لە جێ ژوانی،
کە پایز وەرزی مردن و گەڵا ڕێزانە ، من چیبکەم

مردن لەژینا ڕاستیە ، ئەجەل لەخەونا بێت چیبکەم
کە مردن بمرێ لە ژینا ، لە ژینا بەبێ ژین چیبکەم

کە تۆ تیری بێ وەفاییت گرتە دڵەی پڕ زام و سۆم،
کە ڕوخسارت تێکناکا دەگەڵ مانگی خودایی ئەمن چیبکەم.

هۆڵەندا
Hemin_malazada@hotmail.com